
گفتوگۆیەك
نیسانی

# لەگەڵ

# نوسەری ڕۆمانەکانی کۆلارە باز و هەزار خۆری درەوشاوە

باران

دیداری: نیما

لەفارسییەوە: ڤارین

خالید حوسەینی لە دایکبووی 4 مارسی ساڵی 1965 شاری کابول، نوسەری ئەفغانی- ئەمریکاییە. هۆکاری بەناوبانگبوونی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو ڕۆمانی کۆلارە باز و هەزار خۆری درەوشاوە. حوسەینی دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێت.

**- خۆشەویسترین کتێبی ژیانتان چ کتێبێکە؟**

- کۆمەڵە شیعرەکانی حافز کە بە ( دیوانی حافز)یش ناودەبرێت. حافز لە دنیای فارسی زمانەکاندا بەڕێزەوە لێی دەڕوانرێت، بە بۆچوونی من گەورەترین شاعیری فارسی زمانە. شیعرە فەلسەفی و عەشقە عیرفانیەکانی و دەربڕینە بوێرەکانی، هەموو لێورێژن لە وێنەی دەرەوشاوە و کێشی جادوویی، کە هەمیشە ئابلوقەمدەدەن. هیچ کات نەبووە غەزەلە جوانەکانی نەمخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە و ئێستاش هەروایە و وەکو ئەوکاتەی کە لە کابول قوتابی بووم، دەیانخوێنمەوە.

*** ئەزموونی نمونەیی خۆتمان بۆ خوێندنەوە بۆ باس بکە ( چ کاتێك، لە کوێ، چ شتێك، چۆن.)؟**

- تەنها لە دوو شوێن دەتوانم کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوە تەرخانبکەم، لە ناو فڕۆکە و شەویش لەسەر جێگەی نووستن. کتێبە چاپکراوەکان دەخوێنمەوە و تاوەکو ئێستا خۆم بە دووردەگرم لە خوێندنەوەی کتێبە ئەلکترۆنیدەکان.

**- ئەو ڕۆماننوسانە کێن، کە تۆ هۆگریانیت؟**

- جی. ئام. کۆتزی، جنیڤر ئاگان، هەمەنگوای، ئەلیزابێت ئاستروّت، جومپا لاهیزی، دیو ئاگرز، یان مەك یوئن، دیڤد فاستەر ڤالاس، جونت دیاز، کورت ونە گات، ئالیس مۆنرۆ ( دەزانم کە چیرۆکی کورت دەنوسێت، بەڵام زۆربەی چیرۆکەکانی قابیلیەتی ڕۆمانی کورتیان هەیە).

*** پێشنیاری خوێندنەوەی کام یەك لەو کتێبانە دەکەیت کە لەم دواییانەدا یاخود پێشتر دەربارەی ئەفغانستان بڵاوکراونەتەوە؟**

- ( خۆرئاوای کابول، خۆرهەڵاتی نیویۆرك)ی تەمیم ئەنساری، (نەتەوەی تلیاك-ی فەریبا نوا) ، ( سزای داوێن پاکی سارا چایز)، (ئەنجوومەنی بەرگدرووەکانی هەرات ی کریستینا لومب)، ( مامە خەمە- عەتیقی ڕەحیمی)، (شوێنە ناوەندییەکان – روری ئیستوارت)، ( ڕووناکی چاوەڕوان نەکراو- ی جیسۆن ئالیوت).









**کە وەکو پزیشک بە دەستتهێنا چ کاریگەرییەکی لەسەر کارەکەت وەکو نوسەر هەبوو؟**

- ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ تێپەڕاندنی کاری پزیشکی و تایبەت پێویستن: بەرنامە و دیسپلین. حەوسەڵە. شێلگیری و بەردەوامی و شەونخوونی، باوەڕبوون بەخۆ، قبوڵکردنی ماندووییەتی وەکو حەقیقەتی ژیان، خۆگرتن بە کافائین ەوە، گەشبینی هەمیشەیی کە کۆتایی کار نزیکە.

* **ئەو نوسەرەی کە زۆر پێیەوە پەیوەستیت و لەبەرچاو نەبێت یاخود کەمتر لەبەرچاوبێت کێ یە؟**

- هەست ناکەم نەناسراو بێت، بێگومان لە نێو نوسەراندا بەمجۆرە نییە، بەڵام ئالیس مۆنرۆ نوسەری کلاسیك کەمتر لەبەرچاوە لەناو خوێنەراندا. ئێستا ئەوە بۆتە پرسیار لەلام کە بۆچی ئەم ئەفسانە زیندووە، خوێنەری زۆر نییە.

* **چ جۆرە ڕۆمانێك سەرنجتڕادەکێشێ؟ و خۆشت لە چ جۆرێکیان بەدووردەگریت؟**

- من هەر ڕۆمانێك بەو مەرجەی جوان ریوایەتکرابێت حەزملێیەتی، کاریگەرییەکی ئیحساسی جێبهێڵێت و خاوەن ڕاز و هەستی سیمبول ئامێزبێت. بە گوزارشتێکی تر، چەندین ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەو ڕۆژگارەی کە ڕۆمانی فەنتازی یاخود زانستی – خەیاڵیم دەخوێندەوە.

* **بینینی چ کتێبێك لە ناو ڕەفەکانی کتێبخانەکەتدا تووشی سەرسامیمان دەکات؟**

- زنجیرەی کتێبەکانی کیمك تن تن. ( بۆچی خەڵك سینەیان هەیە؟) ( جەنگی

جیهان) ( Z من لبۆفسکیم، تۆ لبۆفسکی: ژیان، لبۆفسکی مەزنە و ئەوەی ئێوە هەتانە) ئەم کتێبەی دواهەمینیان پێویست بە قسەکردن ناکات لە سەری کە هاوکات ڕێکارێکی بۆ ئامادەکردنی کۆکتیل ( ڕوسیای سپی) لە گەڵدایە و خوێندنەوەی بۆ هەوادارانی کتێبی کلاسیك پێویستە. بەڵام ئەمە تەنها تێڕوانینی خۆمە, هاوڕێ.

*** باشترین کتێب تاوەکو ئێستا بە دیاری وەرتگرتبێت، چ کتێبێك بووە؟**

- لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 ئەو کاتەی لە کابول بووم و تازە پێدەگەیشتم، باوکی تەرجەمەی فارسی ( ددان چەرمو)ی پێدام.

*** چ کتێبێك زۆرترین کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟**

- چەندین ساڵ بەسەر دواهەمین جاری کە خوێندمەوە، تێدەپەڕێت، بەڵام یەکەمین جار کە ( هێشووەکانی ڕق)م لە قۆناغی دواناوەندیدا خوێندەوە، بەڕاستی لەبیرو خەیاڵمدا چەسپا. شتێك بوو لە بارەی خەبات و تێکۆشانی کرێکارانی کۆچبەری داماوەوە کە منی خستەوە یادی خەڵکی بە شمەینەتی نیشتمانەکەم، ئەفغانستان. ئێستاش کاتێ کە سەفەر دەکەم بۆ ئەفغانستان و ئەو خێزانە ئاوارانە دەبینم، کە بە پێی پەتی لە هەوڵداندان بۆ دۆزینەوەی کار، ماڵ، شوێنێك بۆ نیشتەجێبوون، لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی تر، دیسانەوە شاکارەکەی (شتاین بیك) م دێتەوە بیر و دیمەنی کۆتایی، شیرپێدانی ڕوز شارۆن بە غەوارەیەك، ئێستاش کاریگەری زۆرە لەسەرم.

*** ئەگەر هاتە پێش کە پێشنیاری خوێندنەوەی کتێبێك بکەیت بۆ سەرۆك کۆمار ، پێشنیاری چ کتێبێك دەکەیت؟**

- هەستدەکەم ئەم سەرۆك کۆمارە بە تایبەت، لە خوا بەزیاد بێت کەسێکی خوێنەرە و پێویستی بە ڕێنمایی من نییە بۆ خوێندنەوەی کتێب.

*** ئایا تۆ لەگەڵ کتێبی زۆردا گەورە بوویت؟ لە سەردەمانی منداڵیتدا کە کتێبیان بۆ دەخوێندیتەوە چ یادەوەرییەکت هەیە؟**

- من لەناو کتێبەکانی مەولانای ڕۆمی و حافز و خەیام دا گەورە بووم. باوکم و دایکم لە کابول هەموو کتێبەکانی ئەم شاعیرانەیان لە ماڵەوە هەبوو. لە ڕاستیدا لە سەردەمانی منالیمدا هیچ کەسێك کتێبی بۆ نەخوێندومەتەوە. باوکم یان نەنکم بەر لە نوستن چیرۆکیان بۆ دەگێڕامەوە. زۆربەی کتێبەکان خۆم لەسەر جێگەی نوستن دەمخوێندنەوە.

*** ئایا کەسایەتیەکی یان پاڵەوانێکی ئەدەبی خۆشەویستت لە سەردەمانی منداڵیدا هەیە؟**

- سوهراب، جەنگاوەری مەزنی ( شانامە)ی فیردەوسی لە سەدەی پانزەهەم، یەکێك لە نەقێمە درەوشاوەکانی شیعری کلاسیکی فارسی. سوهراب کوڕی جەنگاوەری مەزن ڕۆستەمی زاڵە، هەرچەندە ئەم دووانە هەرگیز یەکتریان نەبینیوە. سوهراب بەرێدەکەوێت تا شکۆمەندی و تاجی پادشایەتی بۆ باوکی بەدەستبهێنێت، ئەمەش تەنیا بە شەڕکردن لەگەڵ ئەودا دەستەبەردەبێت. دوا دیمەنی ئەم چیرۆکە نایابە، زۆر دەگمەنە کە کار لە هەست و دەروون دەکات. ڕۆستەم، سوهرابی لە ئامێزگرتووە کە لە سەرەمەرگدایە، تەنیا ساتەکانی دوای ئەمە ئەو پەی بە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو کەسە دەبات، کە بە شمشێرەکەی خۆی بە سەختی بریندارکردووە.

*** چ کتێبێکت هەستدەکرد، کە بەدڵی خۆت بێت و بەڵام وا دەرنەچووە؟ دواهەمین کتێب کە بە ناتەواوی خستە لاوە، چ کتێبێك بوو؟**

- هەڵبەتە زۆر بوون، بەڵام من مرۆڤێکی موئەدەبم. ڕێگەم بدە ئەوەی کە هەیە بیڵێم: من ترسنۆکم. زۆر باشە، دەڵێم: ( باخەوانی دەشت).

*** ئەگەر بتوانییایە لەگەڵ هەر نوسەرێکدا، زیندوو یان مردوو، پەیوەندیت هەبێت کێ دەبوو؟ دەتویست چی بزانیت؟**

- دیمەنێکی ڤیدیۆیی ئاسییم لە تیۆری ئەفراندنم لە بەرامبەر تیۆری پەرەسەندندا داونلۆد دەکرد ، پاشان بە سەفەر دەچووم بۆ سەدەی نۆزدەهەم و ئەو کلیپەم بۆ چارلز داروین پەخش دەکرد. و ئەوەی دەستی پێکردووە نیشانم دەدا ، پاشان سەیری کاردانەوەیەکەیم دەکرد.

*** ئەگەر بڕیاربێت دیدار لەگەڵ یەکێك لە کەسایەتییە داستانییەکانی ئەدەبیاتدا بکەیت، کێ دەبێت؟**

- دکتۆر منتهن لە ڕۆمانی ( پاسەوانان)

*** بەرنامەی داهاتووت بۆ خوێندنەوە چییە؟**

- ( دەفتەری یاداشتەکانی مایا) ی ئیزابێل ئالندە.

سەرچاوە/WWW.bootigha.com

خالید حوسەینی

